گۆڤاری زانستی زانكۆی جیهان-سلێمانی،    بەرگی( 1)  ژمارە ( 1)
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)    PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7    Feb/2017

# بایەخی بابەتە تەندروستیەكان لە ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی خەنداندا

ڕۆزە حمەوەیس حمە میرزا

مامۆستای یاریدەدەر/زانكۆی سلێمانی/سكوڵی زانستە مرۆڤایەتیەكان/بەشی ڕاگەیاندن

Roza.Merza@Univsul.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە :**

توێژینەوەی زانستیەكان بەیەكێك لە بنەما گرنگەكانی سەردەم ئەژمار دەكرێت لە بوارە جۆربەجۆرەكانی ژیاندا ، وەك دەزانرێت كە توێژینەوە لە بواری ڕاگەیاندا گرنگی تایبەت بە خوی هەیە چونكە ڕاگەیاندن بووە بەبەشێك لە بەشەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەلایەك وە هەموو تاكێك لە تاكەكانی  كۆمەڵگا كە پەیوەستە بەیەكێك لە هۆكارەكانی ڕاگەیاندن جا خوێندراو یاخود بیستراو و بینرا و بێت لەلایەكی دیكەوە.

وەك ڕۆژنامەی ئەلكترۆنیش وەك هۆكارێك لەهۆكارەكانی ڕاگەیاندن گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و ڕۆژبەرۆژ ئاستی خوی خوێندنەوەی بەرەو هەڵكشان دەچێت،وەك ئاشكراشە كە سەركەوتنی هەر ئامرازێك لە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن پەیوەستە بە جۆراو جۆری ناوەڕۆكی بابەتەكانیەوە بۆیە توێژینەوە لەمەڕ بابەتی (بایەخی بابەتە تەندروستیەكان لە ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی خەنداندا) گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە بە تایبەت لەم بارودۆخەی ئێستادا كە ژمارەیەكی بەرچاو نەخۆشی لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە بەربلاَون و هەریەكەشیان كاریگەریگەری نەرێنی لە كۆمەڵگادا بەجێ دەهێڵن، بو ئەم مەبەستەش ئەم توێژینەوەیە لەم سێ بەش پێكهاتووە بەشی یەكەم بریتە لە ڕێباز نامە ،بەشی دووەم تایبەتە بە زانیارینامە وەبەشی سێەم تایبەتە بەلایەنی پراكتیكی لە كوتایشدا توێژینەوەكە بە گرنگترین ئەم دەرئەنجامانە گەیشتووە :

1- ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی خەندان  لە پلەی یەكەمدا گرنگی داوە بە  بابەتی (تەندروستی گشتی)لە چاو  بابەتە تەندروستیەكانی دیكەدا .

1- سەرچاوەی  بابەتە تەندروستیەكانی ڕۆژنامەی  ئەلكترۆنی خەندان برتین لە ڕاگەیاندنەكان لە پلەی یەكەمدا .
2- -ناونیشان لە پلەی یەكەمی هۆكارە دەرخەرەكانی یاخود زەقەكانی دەرخستی بابەتە تەندروستیەكانی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی  خەنداندا  .
3- لە بارەی هاوسەنگی لە ڕوماڵكردندا توێژەر بەو ئەنجامە گەیشت  كە ڕۆژنامەكە لە        زۆرینەی بابەتە تەدروستیەكانیدا  تەنها دیدێكی دەرخستووە .
4- لە شێوازی خستنە ڕووی بابەتە تەندروستیەكانیدا توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتووە كە ڕۆژنامەكە لەكاتی بلاَوكردنەوەی بابەتە تەنروستیەكانیدا لەپلەی یەكەمدا كار لەسەر شێوازی خستنە ڕووی  (پەیوەندی هۆكار و دەرئەنجام) دەكات

**ملخص البحث:**

أهمية المواضيع الصحية في الصحيفة ( خندان) الكترونية.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

من المعلوم ان البحث في مجال الاعلام له اهمية خاصة لأن الاعلام يعتبر جزء من أجزاء الحياة البشرية في المجتمع من ناحية وكل فرد من افراد المجتمع متمسك بأحد الوسائل الاعلامية. والصحيفة الالكترونية كجزء من أجزاء الوسائل الاعلامية لها أهمية خاصة ويتصاعد قراءها يوماً بعد يوم ،ومن المعلوم اِن تفوق والنجاح وسيلة من وسائل الاعلام متمسك بمضمون موضوعاته وتنوعه،لهذا أن البحث على (اهمية الموضوعات الصحية في صحيفة الالكترونية ) له أهمية خاصة و خاصة في الوضع الحالي الذي تساع فيها امراض الكثيرة سواءاً كانت جسدياً أو نفسياً،كل واحد من هذه الامراض يتأثر تأثيراً سلبياً أو اجابياً على الانسان،وكل الموضوعات الصحية عديدة ومتنوعة الذي ينشر ف الصحيفة اللالكترونية لهذا ينقسم البحث الى ثلاثة أقسام الرئسية أولاً الاطارالمنهجي للبحث،وثانياً قسم النظري وثالثاً قسم العملية، حققت هذه البحث الى أهم النتائج المهمة فيما يلي:

1- أن صحيفة الالكترونية خندان يهتم باموضوعات الصحية عامة بدلاً من الوضوعات الصحية الاخرى.
2- ان أهم مصادر المعلومات للموضوعات الصحية هو وسائل الاعلام الاخرى.
3- ان عنوان المواضع الصحية بمثابة الاعلى للوسائل الابراز الذي البرز فيه الموضوعات الصحية لصحافة الالكترونية (خندان).
4- بالنسبة التوازن لتخطية موضوعات الصحية قد وصل الى هذه النتيجة ان الصحيفة قد أبرز في أكثر من موضوعاته جانباً واحداً من موضوعاته.
5- في الاسلوب العرض المواضع الصحية يعمل على جانب (علاقة الاسباب وانتيجة )على أثر بدلاً من جوانب الاخرى.

## Abstract

The importance of health articles on electronic Khandan newspaper.

Scientific research is one of the main principles of development in this century, researching in press field is important these days because press and media are part of every one's daily life. every one is strictly has involved with in using one of connection devices at least so as to reach his demands. Apparently the electronic newspapers as a crucial part of mass media it pays to focus on issue, because every days the readers of online newspapers are increasing. It is clear that success of any kind of media and press has a great relation to the contents and type of its news and articles, so the this research ( the importance of health articles on electronic newspaper) is so important. It is obvious that nowadays we pay attention to obtain information about some common sorts of psychology, mental and body illness and disease. It has positive and negative side on human being. Nowadays those healthcare textures are being published and released on Internet websites are various , so this research is divided into three main sections: The first section is devoted to the style of research. The second section is about theory . The third section is about the practice. The conclusions that the researcher has got are:

1. the priority of Khandan electronic newspaper is about general health care in comparison to other aspects.

2. The sources of Khandan online newspaper is other mass medias and the title of news are being noticed to get the readers' attention.

3. The neutrality of the newspaper ,the researcher has reached this fact that only one side of news have been published.

4. The publication style of health articles on newspapers, the researcher has reached this conclusion that the newspaper works on expressing the cause and effect .

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

**پێشەكی :**

**توێژینەوەی زانستی بە یەكێك لە بنەما سەرەكیەكانی سەردەم ئەژمار دەكرێت.توێژینەوەش لە بواری ڕاگەیاندندا گرنگیەكی بەرچاوی هەیە، بەجۆرێك لە ئێستادا ڕاگەیاندن بۆتە بەشێكی گرنگ لە ژیانی زۆرینەی تاكەكانی كومەڵدا،هەر تاكێك ڕۆژانە وابەستەی ئامرازێك لە ئامرازەكانی ڕاگەیاندنە،كە پێداویستەكانی بۆ پڕدەكاتەوە. دیارە ڕۆژنامە ئەلكترۆنیەكانیش وەك بەشێكی گرنگ و پڕ بایەخ لە هۆكارەكانی ڕاگەیاندن جێگەی هەڵوەستەو توێژینەوە لەسەركردنە، لەبەرئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی خوێنەرەكانیان لە هەڵكشاندایە،وەك دەزانرێت سەركەوتنی هەر ئامرزێك لە ئامرازەكانی ڕاگەیانیش بە جۆر و ناوەرۆكی بابەتە كانیانەوە وابەستەیە، بۆیە توێژینەوەی (بایەخی بابەتە تەندروستیەكان لە رۆژنامە ئەلكترۆنیی خەندانا)،گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە ، كە لە ئێستادا چەند جۆرێكی دیاریكراوی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بەربلاّو لە ئارادایە ، كە هەریەك لەو نەخوشیانەش كاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر هاولاّتیان بە جێدەهێلّن. لە ئێستادا ئەو بابەتە تەندروستیانەی لە رۆژنامە ئەلكترۆنیەكاندابلاّو دەكرێنەوە جۆراو جۆرن و هەمە لایەنن .**

**بەشی یەكەم : میتۆد نامە**

**یەكەم : گرنگی توێژینەوە :**

**هەر توێژینەوەیەكی زانستی، كە ئەنجام دەدرێت گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە ،كە جیاوازە لە گرنگی توێژینەوەیەكی دیكە.گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدا دەردەكەوێت ئەو بابەتەی توێژینەوەكەی لەبارەوە ئەنجام دەدرێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی زۆرینەی تاكەكانی كۆمەڵەوە هەیە و جێگای گرنگی و بابەخ پێدانەكانیانە. وەك دەزانرێت،كە ڕۆژنامە ئەلكترۆنیەكان گرنگیەكی بەرچاویان هەیە و چەندین بابەت و زانیاری لە ڕێگەی ژانرە جۆربەجۆرە رۆژنامەوانیەكانی وەك (هەواڵ،وتار،ڕاپۆرت،ڕێپۆرتاژ ،چاوپێكەوتن... ،هتد)بلاّو دەكەنەوە.دیارە بابەتە تەندروستیەكانیش بەیەكێك لەو بابەتانە ئەژمار دەكرێت،كە لە ئێستادا بۆتە جێگای بابەخ و گرنگی رۆژنامە ئەلكترۆنیەكان بەجۆرێك لەماوەیەكی كورتدا چەندین بابەتی هەمەجۆر بلاّو دەكاتەوە،بابەتێكی گرنگی لەم شێوەیەش شایستەی كارلەسەركردنە،لەبەرئەوەی هۆكارەكانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەكی گشتی و ڕۆژنامەی ئەلكترۆنیش بە شێوەیەكی تایبەت كاریگەری لەسەر وەرگرەكانیان دادەنێن،بابەخدانی رۆژنامە ئەلكترۆنیەكانیش بەبەباتە تەندروستیەكان گرنگیەكەی لەوەوە دەر دەكەوێت گەر ئەو بابەتانە لەسەرچاوەیەكی گرنگ و بڕوا پێكراوەوە بلاّو بكرێنەوە،ئەوا دەبنە سەرچاوەیەكی باش و متمانە پێكراو بۆ هەركەسێك كە بیەوێت زانیاریەكی لەو بوارەدا دەست بكەوێت.**

**دووەم: كێشەی توێژینەوە : كێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت،كەلە ئیسّتادا ناهاوسەنگی و نارێكیەك لە جۆر و ڕێژەو ئەو بابەتە تەندروستیانەی،كە لە ڕێگەی ڕۆژنامە ئەلكترۆنیەكانەوە بلاّو دەكرێنەوە، بەدیدەكرێت لێرەدا پرسیار ئەوەیە كە :**

**1- ئەو بابەتە تەنروستیانە كامانەن، كە لە رۆژنامە ئەلكرۆنیەكاندا بلاّو دەكرینەوە؟**

**2-كامانەن سەرچاوەی بابەتە تەندروستیەكان؟ .**

**3-بابەتە تەنروستیەكان بە چ ژانرێك داڕێژراون؟**

**4-هۆكارە دەرخەرەكان (وسائل الابراز) لە بابەتە تەندروستیەكانی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی خەندانا كامانەن؟**

**5- پێكهاتەی سەرەكی بابەتە تەندروستیەكان لە رۆژنامەی ئەلكترۆنی خەندان چین؟**

**6-كامانەن ئەو شێوازانەی،كە رۆژنامەی ئەلكترۆنی خەندان لە خستنە ڕووی بابەتەكانیدا گرتونیەتە بەر؟**

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)      PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7      Feb/2017

**سێیەم : ئامانجی توێژینەوە :**

**ئامانج یەکێکی دیکەیە لە بنەما سەرەکیەکانی سەرکەوتنی هەر توێژینەوەیەکی زانستی. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵ دەدات بەم ئامانجانە بگات:**

1- **زانینی ڕێژەی بابەتە تەنروستیەکان لە ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکاندا.**
2- **دەستنیشانکردنی جۆری ئەو بابەت تەندروستیانەی،کە لە ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکاندا بلاّو کراونەتەوە.**
3- **دیاریکردنی جۆری سەرچاوەی بابەتە زانستیەکان.**
4- **پێکهاتەی سەرەکی بابەتە تەندروستیەکان لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان .**
5- **شێوازی خستنە ڕووی بابەتە تەندروستیەکان لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی خەنداندا.**
6- **بابەتە تەندروستیەکان لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان چ ئەرکێکیان بەرجەستە کردووە.**

**چوارەم : جۆر و میتۆدی توێژینەوە : جۆری توێژینەوەکە وەصفیە(پەسەنییە)،کار بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆککراوە .**

**پێنجەم : کۆمەڵی توێژینەوە : بریتیە لە هەموو ئەو بابەتە تەندروستیانەی،کەلە( ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان ) دەوە بلاّوکراونەتەوە.**

**شەشەم : سامپڵی توێژینەوەکە : لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر سامپڵی مەبەستدار کراوە،کە بریتییە لەو بابەتە تەندروستیانەی لەماوەی 3مانگدا لە لایەن ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندانەوە بلاّوکراونەتەوە ، کە دەکاتە لە ٪ی 25بابەتە تەندروستیەکانە .**

**حەوتەم : ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان : توێژەر پشت بە فۆرمی شیکاری ناوەڕۆك دەبەستێت بۆ وەلاّمدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەی،کە دەستەکانی (شێوە و ناوەڕۆك )ی وەرگرتووە وە پشت بەیەکەی ( یەکێتی بابەت ) وەك یەکەی شیکاریەکەی دەبەستێت.**

**هەشتەم : سنووری توێژینەوە :**

**سنووری - کات : برتیە لە و ماوەیەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە،کە بریتیی لە ماوەی 3مانگ لە مانگەکانی 2015/4/1 بۆ 2015/6/31 ،بە شێوازی مانگی دەستکرد( کە لەهەر مانگێکدا 10 ڕۆژ وەرگیراوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو10 ڕۆژی یەکەمی مانگی نیسان،10ڕۆژی ناوەڕاستی مانگی ئایار،10ڕۆژی کۆتایی مانگی حوزەیران).**

**سنووری شوێن: بریتیە لە شاری سلێمانی، کە ڕۆژنامەی خەندانی تێدا بلاّو دەبێتەوە.**

**سنووری بابەت :توێژەر بابەتە تەندروستیەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندانی هەڵبژارد،لەبەرئەوەی ڕۆژنامەکە تا ڕادەیەکی زۆر بایەخی بە زۆرینەی بابەتە تەندروستییەکان داوە. نۆیەم : ڕاستگۆیی (الصدق): بەمەبەستی پێدانی ڕاستگۆیی بە فۆرمی شیکاری ناوەڕۆکەکە توێژەر بنەماکانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەکارهێنا ،لەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر چەند پسۆڕو شارەزایەکی بەشی ڕاگەیاندن،کە هەریەکەیان خاوەن ئەزموون و شارەزایەکی باشن. دوای تێبینیەکانیان ڕێژەی ڕاستگۆیەکەی ٪95 بوو[*]. دەیەم : جێگیریی : بۆ گەیشتن بە جێگیریی ناوەرك شیکاریەکە توێژەر هەستا بە وەرگرتنی 10٪ی بابەتە تەندروستیەکان لە سامپڵی توێژینەوەکە، پاش ئەوەی ئەنجامی شیکاریەکەی دەستکەوت ،توێژەرێکی دیکە بۆ هەمان ئەو**

---

[*] 1- پ.ی.د.فواد علی أحمد ،مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی ،پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن –ڕۆژنامە .2-د.عومەر أحمد ڕەمەزان مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی ،پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن –ڕۆژنامە .3- د.ڕێبەر گۆران مستەفا مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی ،پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن –سۆسیاڵ میدیا .

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

10٪ی سامپلأنە، پاش دوو هەفتە دووبارە شیكاری بۆ ئەو بابەتە تەندروستیانە كردەوە، دواتر لە ڕێگەی جێبەجێكردنی هاوكێشەی هۆلیستی،ڕێژەی جێگریی لە نێوانیاندا بەم شێوەیە دیاریكرد:

جێگری = 2ت /ن1+ن2

ن1: كۆی گشتی بڕگەكانی یەكەمجار

ن2: كۆی گشتی بڕگە هاوبەشەكان لە دووەم جار

ئەو ڕێژەیەی لە ئەنجامدا دەستكەوت بریتی بوو 96٪ ،ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، كە فۆڕمی شیكاریەكە ڕادەیەكی زۆر لە دڵنیابوونمان لە جێگیری دەداتێ .

یازدە : ناساندنی چەمك و زاراوەكان

یەكەم : ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی :

ڕۆژنامەیەكە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەردەچێت و بلأودەكرێتەوە لەسەر شێوەی ڕۆژنامەی ئاسایی لەسەر شاشەی كۆمپیوتەرەكان و هەموو ژانرە ڕۆژنامەوانیەكان لە خۆی دەگرێت[1] .

دووەم : بابەتی تەندروستیەكان : هەموو ئەو بابەتە تایبەتمەندە تەندروستیانە دەگرێتەوە، كە بە لایەنی تەندروستیەوە پەیوەستن جا تەندروستی جەستەیی، یاخود دەروونی بێت یاخود ئەو بابەتەنەی ، كەلایەنی ئەرێنی یاخود نەرێنی بواری تەندروستی بەدەردەخەن[2] .

سێیەم : ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی خەندان: جۆرێكە لەو ڕۆژنامە ئەلكترۆنیانەی هیچ چاپێكی كاغەزی نییەو و تەنها لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە ،بێجگە لە زمانی كوردی بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بابەتەكانی بلأو دەكاتەوە.

بەشی دووەم : لایەنی تیۆری توێژینەوەكە :

باسی یەكەم : پێناسەی تەندروستی وبایەخی بابەتە تەندروستیەكان:

ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی (who)،لە ساڵی 1948دا بەم شێوەیە پێناسەی تەندروستی دەكات،كە بریتیە لە بوونی كەسانێك،كە لە لایەنی فیزیكی و جەستەیی و مێشكی و كۆمەلأیەتیەوە(دەروونیی) ،ساغ بن، نەك تەنها نەبوونی نەخۆشیی یان پیریەتی و نەخۆشی درێژ خان پێوەرێك بن بۆ لەش ساغی [3].

تەندروستی مرۆڤ تەنها بەساغی لەش پێك نایەت،مێشكی حەساوە و دڵنیایشی دەوێت،بۆیە بیركردنەوە لە كاروباری ژیان هەروەها لایەنی كۆمەلأیەتی و ئابووری و ئاسایشی ولأت و ژینگەی دەوروبەر زۆرجار هۆكارێك دەبن لەو هۆكارە كاریگەرانەی،كە ڕۆڵیان لە تێكچوونی بواری تەندروستی مرۆڤ هەیە، بۆیە هەرلەبارەی تەندروستیەوە وتراوە كە: تەندروستی ئاوێنەی لەشەو ڕۆڵێكی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، ،ئەگەر مرۆڤ تەندروستی باش بوو ژیانی ئاسودەو دەرونی هێمن و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر ڕێك و پێك دەبێت و چاوەڕوانی هەموو كارێكی باش و سەركەوتوانەی لێدەكرێت،بەلأم، بە پێچەوانەوە مرۆڤی نەخۆش و ناتەندروست هەموو ئەو لایانانەی تێك دەچێت ، بەلأم ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت،كە مرۆڤێك تەندروستی ناجێگیر بوو هەموو چالاكیەكانی وەلاوە بنێت، بۆیە سیتمی نوێی تەندروستی جیهانی ئامانجی ئەوەیە،

---

[1] رضا عبدالواحد أمين ،الصحافة الالكترونية ،القاهرة،دار الفجر للنشر والتوزيع ،2007،ص 94.
[2] سمير محمود، العلام العلمي ،دار الفجر للنشر والتوزيع،الطبعة الاولي،بيروت،2011، ص 173.
3صلاح محمود ذياب،ادارة خدمات الرعاية الصحية،دار الفكر ناشرون و موزعون، عمان ،2010،ص 168.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

کە هەموو مرۆڤێك گرنگە ژیانێکی ئاسودەو ئاسایش بژێیت و گرنگە دەوڵەت تازەترین شێوازی چارەسەری تەندروستی بۆ دابینبکات و بەردەوام چاودێری نوێترین بەرەو پێشچوونەکانی ئەو بوارە بکات،بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا گرنگە ،کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە تەندروستی خۆیان و خێزان و کۆمەڵگاکانیان خۆیان بەبەرپرس بزانن [4]

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بوترێت چەمکی تەندروستی لای مرۆڤ بەتەنها بریتی نییە لە لەش ساغی لە ڕووی جەستەییەوە بەڵکو تەندروستی مرۆڤ لە تەندروستی جەستەیی ،تەندروستی ژیری (عقلی) ، تەندروستی دەروونی (نفسی ) یش دەگرێتەوە.

تەندروستی جەستەیی: ئەو جۆرەیە، کە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لەهەموو جۆرە نەخۆشی و کێشەیەك دووربن.

تەندروستی عەقڵی: ئەو جۆرە یە، کە تاك بتوانێت بە پرۆسەی عەقڵێکی ساغ و تەندروست وەك بیرکردنەوە و تێگەیشتن و کرداری داهێنان و تەرکیز و هێزی وەرگرتن لە ژیان بەسەربەرێت،لە هەمان تاك چێژ لە ئارامی دەرونی وەردەگرێ و دەتوانێ ڕووبەڕووی ناڕەحەتی و داواکارییەکانی ژیان بێتەوە .

تەندروستی دەرونی : بەو جۆرەیە، کە تاك بتوانێت مامەڵەیەکی چاك و دروست لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگادا بکات،کە ئەمەش پێداویستی و پاڵنەرەکانی تاك لە خۆدەگرێت لە چوار چێوەی ئەو ڕوداوانەی، کە لە ژینگەی دەوروبەری مرۆڤدا دەگوزەرێن.

کەواتە عەقڵ و جەستەی تاك و ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی یەکەیەکی تەواوکەر و یەکگرتوو دروستدەکەن، کەهەریەك لەوانە کاریگەری لەسەر ئەو تریان هەیە،کەواتە تەندروستی جەستەیی و ژیری و دەروونی بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا و خۆشگوزەرانی مرۆڤ فاکتەرێکی کاریگەرە.[5]

ڕەهەندەکانی تەندروستی : بەشێوەیەکی گشتی تەندروستی دوو ڕەهەندی هەیە،ڕەهەندێکیان پەیوەستە بە کۆمەڵگا و بە تەندروستی گشتی ناوزەند دەکرێت،ڕەهەندێکی دیکە پەیوەستە بە تاك و بە تەندروستی تاك ناو دەبرێت.

تەندروستی گشتی : مەبەست لە تەندروستی گشتی ئەو هەل و مەرج و بارودۆخە تەندروستیانەیە، کە پێویستە لە ناو ژینگەیەك فەراهەم بکرێن،یان لەسەر بنچینەیەکی گشتی ڕێك بخرێن، ئەم جۆرانە دەگرێتەوە: سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە ، شوێنی نیشتەجێبوون ، ژینگە، ئاو هەوا و سەوزایی و پاك ڕاگرتنی شوێنە گەشتیارییەکان.

تەندروستی کەسی : مەبەست لە تەندروستی تاك پیادەکردنی نەریتە تەندروستیەکانە لە چوارچێوەی هەلو مەرجە گشتیەکان، کە چێژو سودی بۆ تەندروستی تاك هەبێت ، وەك گرنگیدان بە وەرزش بە هەموو جۆرەکانیەوە،دورکەوتنەوە لە خواردنی چەورو سوێر .دوورکەوتنەوە لە خواردنی خێرا، دووركەوتنەوە لە جگەرەکێشان ، خواردنەوە گازییەکان.......هتد [6].

باسی دووەم : بایەخی ڕاگەیاندن لە بواری تەندروستیدا :

بایەخدانی ڕاگەیاندن بە بابەتە تەندروستیەکان لە کارە گرنگەکانی ڕاگەیاندنە،چونکە تەندروستی یەکێکە لەو بابەتەگرنگانەی، کە هەمیشە جێگەی بایەخی وەرگرانە،جا ئەو بابەتانە لە چوار چێوەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی،یاخود زانیاری تەندروستی بێت بۆ وەرگران،چونکە هەریەك لەوانە بنەمای ڕەفتارکردنی ڕۆژنەیانە بە بنەمایەکی تەندروستیانە،هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەسەرچاوەیەکی سەرەکی زانیاری دادەنرێن،کە ڕۆڵێکی گەورەو گرنگییان لە دروستکردنی کەسایەتی تاکدا هەیە،کە زانین و ویژدان و ڕەفتاری لا دروست دەکات،ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی زانیاری زۆر و

---

[4] نصر الدين العياضي،وسائل الاعلام والمجتمع –ضلال وأضواء،دار الكتاب الجامعي،العين-المارات العربية المتحيدة،2004،ص 136-137.
[5] سامي محسن ختاتنة و احمد عبداللطيف أبو سعد،علم النفس الاعلامي،دار المسيرةللنشر والتوزيع والطباعة،عمان 2010،ص 44.
[6] عبدالرزاق علي الهيتي،الصحافة المتخصيصة،دار أسامة للنشر والتوزيع،عمان،2011،ص14.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

شارەزایی زیاتر، کە لەگەڵ هەڵویست و بۆچون و ڕەفتاریدا بتوانێت پشتی پێببەستێت. بێگومان دەروازەی سروشتی بەرەو بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤ پێویستە لە دەلاقەی تەندروستی و لەش ساغیەوە تێپەڕبببێت ،بە بێ ئەمانە چێژوەرگرتن لە ژیان ئەستەمە،هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هێزێکی گەورەیە کە بتوانێت ببێت بەئەو سەرچاوە زانیاریەی تاکەکانی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان لە بۆچون و بڕیاردان وهێنانەدی ئامانجەکانیاندا پشتی پێدەبەستن ، بۆیە تاك هەوڵدەدات پشت بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ببەستێ بۆ هێنانەدی ئەم سێ ئامانجە [7]: سەرچاوە دیاری بکە

یەکەم : تێگەیشتن : بەهۆی فێربوون و شارەزابوون وە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بە هۆی فێربوونی شت لە جیهانەوە یان کۆمەڵێکەوە و ڕوونکردنەوەیان لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە تێگەیشتن دروست دەبێت.

دووەم : ڕێنمایی : ئەمەش خۆی لە ڕێنوێنی کردن و نیشاندانی ڕێگەیەکەی ڕاستە لەمەڕ بابەتێك، بۆ نمونە چۆن ڕێنمایی کەسێك بکرێت پارێزگاری لە لەش ڕێك و جوانی خۆی بکات یاخود ڕێنماییدان بە کەسێك کە چۆن بەڵگەی دەست کەوێت،یاخود چۆن ڕەفتار بکات لەکاتێکدا توشی ئەگەر و پێشهاتێك بێت.

سێیەم: کاتبەسەربردن : ئەمەش دوو جۆرە :

1- کاتبەسەربردنی تەنهایی :وەك حەوانەو و هێوربوونەوە .

2-کاتبەسەربردنی کۆمەڵایەتی : وەك چون بۆ سینەما، یان سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەگەڵ ئەندامانی خێزان.[8]

پێناسەی بایەخدانی بابەتە تەندروستیەکان کراوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەوەی، کە : مەبەست لە پێدانی زانیاری و ڕاستی تەندروستی هاوڵاتیانە،هەروەها هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر تەندروستی خۆیان و غەیری خۆیان،لەو ڕوانگەیەشەوە هۆشیاری تەندروستی دادەنرێت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت بە زانیینی تێگەیشتن و ڕازیکردن، بە مانایەکی تر گۆڕینی جێبەجێکردنی تەندروستی بۆ خویەك بە بێ بیرکردنەوە ، ئەوە ئەو ئامانجەیە، کە دەبێت بۆی تێبکۆشین بۆ ئەوەی پێی بگەین و ئەو زانیاریە تەندروستیانە وەك ڕۆشنبیرێیەکی سەرکەوتوو بمێنێتەوە،وەك کردەوەیەك بۆ کرداری دەستپێکی ڕۆشنبیری بە پشت بەستن بە بلاۆکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری [9].

**گرنگترین پێکهاتەی بابەتە تەندروستیە بایەخپێدراوەکان لای ڕاگەیاندن**

گرنگترین پێکهاتەی بابەتە تەندروستیەکان کۆمەڵە زانیاریەکە، یان باوەڕپێکردنێکە کە لای خەڵك بۆ بواری تەندروستی و نەخۆشی دروست دەبێت، هەروەك لە کێشەی تەندروستی نەخۆشیە درێژخایەنەکان و نەخۆشی قەڵەوی و نەخۆشیەکانی پێست و نەزۆکی و نەخۆشیە خووپێوە گرتوەکان وەك جگەرە کێشان ومادده کحولیەکان و ڕاهاتن بە ماددەی هۆشبەرەکان دەردەکەوێت،بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە لە دیارترینی ئەو بوارانەن، کە هۆکانی ڕاگەیاندن جەختیان لەسەردەکەنەوە[10] .

**گرنگی بایەخدان بە بابەتە تەندروستیەکان** :بایەخدان بە بابەتە تەندروستیەکان لە ڕۆژنامە و هۆکارەکانی ڕاگەیاندا گرنگی خۆی هەیە،لەم چەند خاڵەدا گرنگیەکەی بەرجەستە دەبێت :

---

[7] سامی محسن ختاتنة وأحمد عبداللطيف أبو سعد،علم نفس الاعلامي ،سەرچاوەی پێشوو،ص 47.

[8] حسن عماد مكاوي، د.ليلى حسين السيد، الإتصال و نظرياته المعاصرة ، دار المصرية اللبنانية،1998،ص320.

[9] أحمد ريان باريان،دور وسائل الاعلام في التثقيف الصيحي للمرأة السعودية بمدينة الرياض ،دراسة الميدانية قدمت هذة الرسالة استكما لالمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في قسم الاعلام بكلية الاداب –جامعة الملك السعود ،اشراف د.سليمان الشمرى،ص 52،2004،.

10محمد الزكرى، جهود الصحافة في نشر المعريفة الصحية : دراسة تحليلية على الصفحات القتصادية رسالة ماجستير غير المنشورة كلية الدعوة والاعلام، قسم الاعلام ،جامعة المام محمد بن سعود الاسلامية ،2006ص78 .

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

**یەكەم :** وەرگر بتوانێت خۆشی لە زانیارییە زانستیە ڕاستیەكان وەربگرێت، كە یارمەتی بدات لە ڕوونكردنەوەی دیاردە تەندروستیەكان،بۆ ئەوەی بتوانێت سەركەوێت بە سەر گەڕان بە شوێن هۆكارە نەخۆشی و ڕاڤەی بكات، تا لێی دووربكەوێتەوە و خۆی لێ بپارێزێت.

**دووەم:** بانكێكی زانیارییە، كە مرۆڤ سوودی لێ دەبینێت لەو كاتەدا كە پێویستی پێیەتی و كاری پێی هەیە،لەوەرگرتنی بڕیاری ڕاست و پەسەند كاتێك، كە ڕووبەڕوی گرفتێكی تەندروستی دەبێتەوە.

**سێیەم :** چاندنی گیانی شانازی و ڕێزلێنان و باوەڕ بوون بە زانست، كە ئەمە بۆ پسپۆڕەكان لە بواری تەندروستیدا پاڵنەرێكی باشە.

**چوارەم :** جۆرە خولیایەك لای خەڵك دروست دەكات ،كە خولیای دۆزینەوەی زیاتر بكەن و چالاكی و پێشكەوتنی زیاتر لە بواری تەندروستیدا بە خۆیەوە دەبینێت و زیاتر گرنگی بەو بوارە دەدات[11].

**باسی سێیەم : ڕۆژنامەی ئەلیكترونی :**

لەبەرئەوەی ڕۆژنامەگەری ئەلیكترونی لەسەرەتای نەوەدەكانی سەددەی ڕابردووەوە سەریهەڵداوە و بەبەراورد بە ڕۆژنامەی ئاسایی تەمەنێكی كەمی هەیە،هەربۆیەش لە ڕووی چەمك و بنەمای تیۆری تایبەت بە خۆیەوە دید و تێڕوانینێكی توێژەران و شارەزایان لەبارەیەوە ڕۆشن نییە، لەگەڵ ئەوەش هەوڵی بەردەوام لە ئارادایە چوارچێوەیەكی گشتی بۆ دیاری بكرێت، بۆ جیاكردنەوەی ڕۆژنامەگەری ئەلكترۆنی لە هاوشێوە كاغەزیەكە و پێناسەی تایبەتی بۆ دەكرێت.دیارە پێناسەكردنی ڕۆژنامەگەری ئەلیكترۆنی كارێكی هەروا ئاسان نییە، بەهۆی پێشكەوتنە خێراكەی و فرەیی لە جۆری و ئەو هۆكارانەش كە لە ڕێگەیەوە ناوەڕۆكە ڕۆژنامەوانیەكان بڵاودەكرێتەوە ،لەپەسندكردنیدا چەندین زاراوە و دوستەواژەی جیاجیا بەكاردەهنرێت .لەوانە :[12]

| | |
|---|---|
| -ڕۆژنامەگەری ئەلكترۆنی | electronic journalism |
| - ڕۆژنامەگەری ئینتەرنێت | internet journalism |
| -ڕۆژنامەگەری وێبَ | Web journalism |
| ڕۆژنامەگەری ئۆنلاین | Online Journalism |
| -ڕۆژنامەگەری كارلێكی | Interactive Journalism |

لە ناساندنی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنیدا هاتووە: ئەو ڕۆژنامانەن، كە لەسەر تۆڕەكانی ئینتەرنێت دەردەچن و بڵاودەكرێنەوە بە شێوەی ڕۆژنامەی چاپكرا و لەسەر شاشەی كۆمپیوتەر دەردەكەون، بابەت و لاپەڕەكانی لە نووسین و وێنەو هێڵكاری و دەنگ و وێنەی جوڵاو پێك دێن[13] .

لە ناسینێكی دیكەی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنیدا هاتووە : ئەو ڕۆژنامانەن، كە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەكرێنەوە، ئەو ڕۆژنامەیە دەشێت چاپی ئەلیكترۆنی ڕۆژنامەیەكی كاغەزی بێت، یان ڕۆژنامەیەكی ئەلیكترۆنی بێت و چاپی كاغەزی نەبێت،ڕۆژنامەیەكی گشتی بێت یاخود تایبەتمەند، یاخود كۆپیەكی دەقا و دەقی ڕۆژنامە كاغەزیەكە بێت .[14]

[11] اسماعيل ابراهيم:الصحفي المتخصص ،ط2،دار الفجر للنشر والتوزيع ،قاهرة،2006،ص 13.
[12] عبدالامير الفيصل،الصحافة الالكترونية في الوطن العربي،عمان،دار الشروق،2005،ص 49.
[13] ازيد منير سليمان ،لصحافة الالكترونية ، دار أسامة للنشر والتوزيع،الطبعة الاولى ،2009، ،عمان-الاردن،ص 53.
[14] فيصل أبو ريشة ،الاعلام الالكتروني ،دار أسامة للنشر والتوزيع ،الاردن،الطبعة الاولى،2010،ص 67.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)                    PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7                    Feb/2017

ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان : بریتین لە ڕۆژنامە ناکاغەزیەکان کەلەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بلاّو دەکرێتەوە و خوێنەر هەڵدەستێت بە سەیرکردن و خوێندنەوەی لاپەڕەکانی و گەڕان بە ناویدا سەرباری هەڵگرتن و پاراستنی ئەو بابەتانەی، کە پێویستیەتی و چاپکردنی ئەو بابەتانەی کە ئارەزووی چاپکردنیەتی .[15]

لە یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا هاتووە : ئەو ڕۆژنامەیەیە، کە سیفەتەکانی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کاغەزی تیدا بەدی دەکرێت لە ڕووی کاتی دەرچوون و هەمەڕەنگی بابەتەکانی و بەکارهێنانی هونەرە ڕۆژنامەوانیەکان، وەك هەواڵ و گفتوگۆ و شیکردنەوەو و ڕیپۆرتاژ و ووتاری ڕۆژنامەوانی،بەلاّم ئەوەی لە ڕۆژنامەی کاغەزی جیای دەکاتەوە،بوونی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکەیە لە شێوەی دەقێکی ئەلکترۆنی،کەدەکرێت لە ئینتەرنێت بەدوایدا بگەڕێت و دووبارە دەستکاری بکرێت و دابڕێژرێتەوە .[16]

**باسی چوارەم : تایبەتمەندی ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان :**

ڕۆژنامەوانی ئەلکترۆنی خاوەنی چەندین تایبەتمەندیە لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەش:

1. کۆمەڵێك بابەتی ڕۆژنامەوانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و هونەری و وەرزشی و تەندروستی لە خۆ دەگرێت و لە توانایدایە حەز و خولیا هەمەچەشنەکانی خوێنەرانی لە ئاست و تەمەنە جیلوازەکان تێربکات .
2. ژانرە ڕۆژنامەوانیە جۆربەجۆرەکان،وەك هەواڵ ،ڕاپۆرت ،ڕیپۆرتاژ ،وتار،چاوپێکەوتن لە خۆی بگرێت .
3. لە ڕووی دەرچونەوە بە کاتێکی دیاریکرا وەوە پابەندە.
4. بەبەردەوامی بابەت و ناوەڕۆکەکەی لە ڕۆژێکیکەوە بۆ ڕۆژێکی دیکە یاخود لە کاتێکیکەوە بۆ کاتێکی دیکە نوێدەکرێتەوە.
5. بوار لەبەردەم خوێنەرانی بۆ کارلێکردن لەگەڵ بابەتە بلاّوکراوەکانی ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکە دەرەخسێت.
6. لەپاڵ نوسین و دەقە نوسراوەکان ،وێنەو هێڵکاری و نەخشە و وێنەی جولاّویش لە خۆ دەگرێت.
7. دانانی لینکی زانیاری و بابەتی پەیوەندیدار لەناو جەستەی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکە .
8. نەبوونی گرفتی پانتایی و شوێن، تاکو ناچار بیت بابەتەکان کورت بکرێتەوە 17

**باسی پێنجەم : جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی : ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی جەند جۆرێکە بە گوێرەی :**

**یەکەم** : لە ڕوانگەی بوون و نەبوونی چاپە کاغەزیەکەی، دەکرێت ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش بکەین:

1. ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی تەواو : ( online newspaper)کە ئەویش بە دوو شێوەیە :

أ- ئەو ڕۆژنامە ئەلکترۆنیانەییە،کە پەیوەندی بە هیچ ڕۆژنامەیەکی چاپی کاغەزی نییە و تەنها لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە .

ب- ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان، کە چاپی کاغەزییان هەیە،بەلاّم لە ناوەرۆکدا جیاوازن و تەنها لە ناودا هاوبەشن و سەربەیەك دەزگای ڕۆژنامەوانین،ئەم جیاوازیەش لە ناوەرۆکدا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تایبەتمەندییەکانی جەماوەر لە هەریەك لەو دوو ڕۆژنامەیەو هەروەها جیاوازی خودی هۆکارو ئامڕازەکەش.

---

[15] حسنی نصر وسناء عبدالرحمان،التحرير الصحفي في عصر المعلومات الخبر الصحفي،دولة الامارات العربية المتحدة ،دار الكتاب الجامعي،الطبعة الثانية،2009،ص 287.

[16] محمد جاسم فلحي، النشر الاكترونى الطباعة والصحافة الالكترونية والوسائط المتعددة،، الطبعة الاولى ،دار المناهج ،عمان –الاردن ،2005، ص 117

[17] محمد منير حجاب ،مدخل الى الصحافه،القاهره ،دار الفجر للنشر والتوزيع،2010،ص 477.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

2.چاپی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامە کاغەزییەکان : کەلە بنەڕەتدا ماڵپەڕی ڕۆژنامە کاغەزییەکانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئەم جۆرەش بەم دوو شێوەیە دەردەکەوێت :

أ- ئەو ڕۆژنامە ئەلکترۆنیانەی ناوەڕۆکی چاپە کاغەزیەکە دوای گۆڕینی بۆ شێوەی ئەلیکترۆنی وەکو خۆی پێشکەش دەکات.

ب- ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیانەی بە شێك لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامە کاغەزیەکە پێشکەش دەکەن.

**دووەم :**جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە ڕوانگەی جۆری ئەو تەکنیکەی بەکارهێنراوە لە ماڵپەڕەکان کە بە جۆرەکانی گواستنەوە و خستنە ڕووی دەق لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەناسرێتەوە و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان لەم ڕووەوە دابەش دەبن بە چوار جۆرەوە :

**1. ڕۆژنامانەی ئەلیکترۆنی تەکنیکی گرافیکەئاڵوگۆڕکراوەکان (Graphic Interchange Format)** : ئەو ڕۆژنامانەی،کە تەکنیکی گرافیکە ئاڵوگۆڕکراوەکان بەکار دە هێنێت، کە بوار دەدات بە گواستنەوەی کۆپی و وێنەیەکی وەکو خۆی بابەتەکانی ڕۆژنامە کاغەزیەکان و بڵاوکردنەوەی لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژنامەکە لە ئینتەرنێت،کە ئەمەش تەکنیکێکی باش نییە لەبەرئەوەی دەرفەتی کارلێککردن لەبەردەم خوێنەردا ناهێڵێت .

**2.** ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دەقی بارکراو : ( Portable Datagram Format)**:** ئەم جۆرەش نزیکە لەو جۆرەی پێشووتر، بوار دەدات بە گواستنەوەی دەق و شێوە و وێنەو هێڵکاری و لاپەڕەکان بەتەواوەتی لە ڕۆژنامە کاغەزیەکەوە بۆ ماڵپەڕی ڕۆژنامەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت،ئەوەی لە ماڵپەڕەکە بڵاو دەکرێتەوە تەواو هاوشێوەی چاپە کاغەزیەکەیە.

3. ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی تەکنیکی دەقی پێشکەوتوو : ( hyper text markup format) : ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیانەن،کە تەکنیکی دەقی پێشکەوتوو بەکار دەهێنێنن، کە بوار دەدات بە دانانی دەقەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ لە دەق و بابەتەکانی ڕۆژنامەی کاغەزی ،لەم جۆرەشدا سودی زۆر لە تایبەتمەندیە سەرسوڕهێنەر و بپشومارەکانی ئینتەرنێت وەردەگیرێت، کە گرنگترینیان بریتیە لە کۆکردنەوەی دەق و وێنەو دەنگ و گرتەی ڤیدیۆیی و فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریەکانی بەدواداگەڕان و ئەرشیف و دەرفەتی کۆپیکردنی دەقەکان.

4. ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی هەردوو جۆری دەقی پێشکەوتوو (Html) و دەقی بارکراو(PDF) : ئەو جۆرە ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەیە،کە هەردوو جۆری دەقی پێشکەوتوو (Html) و دەقی بارکراو(PDF) کۆدەکەنەوە بۆ سود وەرگرتن لە باشیەکانی هەردوو سیستەمەکە بەیەکەوە ،لە دەقی پێشکەوتوو دەرفەتی کارلێکردن و پێشکەشکردنی بابەتە لە ڕێگەی هۆکارە جۆربەجۆرەکانەوە دەرەخسێنێت ،دەقی بارکراویش وێنەیەکی دەقاو دەقی ڕۆژنامە کاغەزیەکە دەگوازێتەوە،ئەمیش لەبەرئەوەی هەندێ لە خوێنەران بەلایانەوە خۆشترە بەو شێوەیە ببینن، کە پێی ڕاهاتوون18.

**بەشی سێیەم : لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم :کورتەیەك سەبارە بە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی خەندان 19:**

[18] کارامەییەکانی نووسین لە ڕۆژنامەی چاپکرا و ئەلکترۆنیدا ،عبدالخالق ابراهیم ،ئەرسەلان ڕەحمان ،چاپی یەکەم ،2010،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر،لا 299.

[19] سەیری( دەربارە ) لەپێگەی خەندان لەسەر ئەم بەستەرە http:/www.xendan.org/ about.aspx

خەندان بە یەکێك لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان دادەنرێت،کە چاپی کاغەزی نییە و سەربە پێگەی خەندانە بۆ پەخش و بلاّوکردنەوە،وەکو هەر دامەزراوەیەکی دیکەی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا بێجگە لە زمانی کوردی بەهەردوو شێوەزاری (بادینی و سۆرانی) بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بابەتەکانی بلاّو دەکاتەوەو یەکەم پەخشی خەندان لە یەکی کانوونی دووەمی (2010)دا بووە.

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان ئەو ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەیە،کە لە کوردستانی عێراق لە ناو شاری سلێمانی دامەزراوە ،لە ڕێگەی بابەتەکانیەوە لە بواری ڕاگەیاندندا هەوڵی خزمەتکردن دەدات ، پشت بەهەموو بنەما پیشەییەکان .ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی خەندان ڕۆژنامەیەکی بواری ڕاگەیاندنە ناسراوە بەوەی ،کە بەمەبەستی قازانج دانەمەزراوە سەربەخۆیە لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە،بەڵکو ڕۆژنامەیەکی ئەهلیەو بە پشت بەستن بە هەموو یاسا و ڕێساکان بۆ بەجێهێنانی هەموو ئامانجەکانی هەوڵی تەواو دەدات ،کە بریتییە لە گرنگیدان بە بواری بلاّوکراوە و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەکان و هاندانی کۆمەڵگای مەدەنی.لە سەرەتای دامەزراندنیەوە مۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان وەرگرتووە ،دوابەدوای هەوڵە بەردەوامەکانی و چالاکییە بەربلاّوەکانی لەسەر ئاستی عێراق توانی مۆڵەتی وەزارەتی کارو باری کۆمەڵگای مەدەنی لە بەغداد وەربگرێت،لە گرنگترین ئامانجەکانی ڕۆژنامەکە ئەمانەن:

1-ئاسانکاری تەواو بە مەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری و هەواڵ لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە لە چوار چێوەی کار و پیشەی ڕۆژنامەوانیدا.

2-پێشکەشکردنی باشترین خزمەت لە بواری ڕاگەیاندندا ،بەمەبەستی بەدیهێنان و گەشەکردن لەهەموو بوارەکانی زانستی،ڕۆشنبیری ،کۆمەلاّیەتی،سیاسی و ئابووریدا.

3-دروستکردنی ڕای گشتی و فراوانکردنی ڕۆڵی تاکەکەس بە تایبەت توێژی ڕۆشنبیران لە بڕیاری سیاسیدا.

4-بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە بوارەکانی دادگەری کۆمەلاّیەتی و قبەڵکردنی بیروڕای جیاواز لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵ ونەتەوە جیاوازەکاندا.

5- گرنگیدان بە کۆمەڵگەی مەدەنی،بەتایبەت توێژی ژنان،گەنجان و خوێندکاران.

پێکهاتەی سەرەکی پێگەی خەندان:

پێگەی خەندان لەچەند بەشێکی سەرەکی پێکهاتووە،کەهەریەك لەم بەشانەش چەند بەشێکی ڕۆژنامەوانی لە خۆ دەگرێت لە گرنگترینیان:

1-هەواڵی کوردستان: کە هەواڵی تایبەت بە دۆزی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لە خۆ دەگرێت.

2-هەواڵی عێراق: سەرجەم ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە ،کەپەیوەستن بە عێراق و عێراقیەکان لەسەرئاستی ناو خۆ و دەرەوە.

3-هەواڵی نێودەوڵەتی: هەواڵی پەیوەست بەسەرجەم ولاّتانی دونیا سەرەڕای ئەو هەواڵە نێودەوڵەتیانەی، کە پەیوەستن بەدۆزی کورد و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست.

4-ڕاپۆڕت :هەموو ئەو ڕیپۆڕتانە دەگرێتەوە،کە پەیوەستن بە مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی تایبەت و عێراق و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی.

5-چاوپێکەوتن : ئەمیش یەکێکی دیکەیە لەو ژانرە ڕۆژنامەوانیانەی،کەلەلایەن ڕۆژنامەکەوە گرنگی پێدراوە.

6-هەواڵی وەرشی :تایبەتە بەسەرجەم هەواڵ و زانیارییە وەزشیەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

7-هەواڵی زانستی :ئەمەش سەرجەم هەواڵە زانستیەکان دەگرێتەوە وەك (بابەتی تەندروستی و تەکنەلۆجیەکان).

باسی دووەم : خستنە ڕووی ئەنجامەکانی ناوەڕۆك شیکاریەکە

5- بابەتە تەندروستیەکان:

یەکێکە لە بابەتەکانی تایبەت بە دەستەکانی ناوەڕۆك، کە توێژەر هەوڵی داوە جۆری ئەو بابەتە تەندروستیانە دیاریبکات،کە لەلایەن ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی (خەندان)ەوە گرنگی پێدراوە،لەئەنجامی شیکاری بۆ بابەتەکانی لەماوەی 3مانگدا بەو ئەنجامە گەیشتین،کە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان گرنگی بەهەریەکێك لە بابەتە تەندروستییە جۆر بەجۆرەکان داوە، بەلأم بە ڕێژەی جیاواز، وەك لە خشتەی (1)دا دەردەکەوێت ، بەوەی بابەتی (تەندروستی گشتی) لەناو بابەتە تەندروستیەکاندا زۆرترین چەندبارەی هەبووە بە ڕێژەی (19.87٪)، دوا بەدوای ئەویش هەریەك لە بابەتەکانی (گرنگیدان بە قژ و پێست،سودەکانی خۆراك ) لە پلەی دووەم و سێهەمدان،ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیەکی گشتیە و تایبەتە بە گشت چین و توێژەکان هەر ئەمەش وای کردووە،کە بابەتەکانی دیکەی تەندروستی بە ڕێژەی زۆر نزیك لەیەك گرنگیان پێبدات وەك لە خشتەی (1)دا ئەمە بەرچاو دەکەوێت.

خشتەی (1): جۆری بابەتی تەندروستی

| بابەتی تەندروستی | چەندبارە | ڕێژە | پلە بەندیی |
|---|---|---|---|
| تەندروستی گشتی | 31 | ٪19.87 | 1 |
| گرنگیدان بە قژ و پێست | 27 | ٪17.30 | 2 |
| سودەکانی خۆراك | 22 | ٪14.10 | 3 |
| دەروونی | 18 | ٪11.53 | 4 |
| جوانکاری | 16 | ٪10.25 | 5 |
| خانمان | 14 | ٪8.97 | 6 |
| منداڵان | 10 | ٪6.41 | 7 |
| نەخۆشی درێژخایەن | 10 | ٪6.41 | 8 |
| لەش ڕێکی | 8 | ٪5.12 | 9 |
| کۆ | 156 | ٪100 | - |

2-سەرچاوەی زانیاریی :

یەکێکی دیکەیە لە بابەتەکانی دەستەکانی ناوەڕۆك،کە توێژەر هەوڵی داوە بزانێت سەرچاوەی زانیارییەکانی بابەتە تەندروستیەکانی (ڕۆژنامەی خەندان) ی ئەلکترۆنی کوێیە لە ئەنجامی ناوەڕۆك شیکاریەکەدا بەو ئەنجامە گەیشت،کە سەرچاوەی بابەتە تەندروستیەکانی ڕۆژنامەی خەندان برتین لە ڕاگەیاندنەکان بەو بەڵگەییەی کە زۆرترین چەندبارەی هەبووە بەڕێژەی (58.33٪)لە چاو سەرچاوەکانی دیکەدا، هەرچی سەرچاوەکانی دیکەشە ئەو بەڕێژەی جیاواز گرنگییان پێداون کە بریتین لە وەرگێران وسەرچاوەی تایبەت هەروەك لە خشتەی (2)دا بەرچاو دەکەوێت.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

خشتەی (2) : سەرچاوەی زانیاریی

| سەرچاوەی زانیاری | چەندبارە | ڕێژە | پلە بەندیی |
|---|---|---|---|
| ڕاگەیاندنەکان | 91 | ٪58.33 | 1 |
| وەرگێڕان | 31 | ٪19.87 | 2 |
| سەرچاوەی تایبەت | 28 | ٪17.94 | 3 |
| دیکە | 6 | ٪3.84 | 4 |
| کۆ | 156 | ٪100 | - |

3-ئەرکی بابەتە تەندروستییەکان:

یەکێکە لە بابەتەکانی تایبەت بە دەستەکانی ناوەڕۆك، کە توێژەر هەوڵی داوە بزانێت ئایا ئەو بابەتە تەندروستیانە چ ئەرکێکی بەرجەستە کردووە؟ بۆیە لە ئەنجامی ناوەڕۆك شیکاریەکەدا بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە (ئەرکی زانیاریی) دێت لە چاو ئەرکەکانی دیکەدا ، بەپلەی یەکەم بەو بەڵگەییەی،کە زۆرترین چەندبارەی هەبووە بەڕێژەی (٪46.79) ئەمەش بە شتێکی ئاسایی ئەژمار دەکرێت،چونکە ئەرکی زانیاری گەیاندنن یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن،دوابەوای ئەوەش ئەرکی (هاندان و ئاڕاستەکردن ، ڕۆشنبیری تەندروستی )دێن لە پلەی دووەم و سێهەمدا،وەك لە خشتەی (3)دا بەرچاو دەکەوێت.

خشتەی (3): ئەرکی بابەتە تەندروستییەکان

| ئەرك | چەندبارە | ڕێژە | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| زانیاری | 73 | ٪46.79 | 1 |
| هاندان و ئاڕاستەکردن | 43 | ٪27.56 | 2 |
| ڕۆشنبیری تەندروستی | 37 | ٪23.71 | 3 |
| دیکە | 3 | ٪1.92 | 4 |
| کۆ | 156 | ٪100 | - |

4-ئاڕاستەی بابەتە تەندروستیەکان:

یەکێکی دیکەیە لە بابەتەکانی دەستەکانی ناوەرۆك لە ئەنجامی ناوەڕۆك شیکاریەکەدا توێژەر هەوڵی ئەوەی دا ،کە بزانێت کە ئایا بابەتە تەندروستییەکان چ ئاڕاستەیەکیان هەیە. لە ئەنجامدا بەوە گەیشت کە زۆرینەی بابەتە تەندروستییەکان بێلایەنانە خراونەتە ڕوو بە و بەڵگەیەی، کە زۆرترین چەندبارەی هەبوو بە ڕێژەی (٪62.17)ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تەنها بابەتەکەیان خستۆتە ڕوو بێ لەوەی بۆ بابەتە تەندروستیەکان لایەنداری بکەن،وەك لە خشتەی (4) دەکەوێتە بەرچاو دەکەوێت.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

خشتەی (4): ئاراستەی بابەتە تەندروستییەکان

| ئاراستە | چەندبارە | ڕێژە | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بێلایەن | 97 | ٪62.17 | 1 |
| دژ | 49 | ٪31.41 | 2 |
| دیکە | 10 | 6.41 | 3 |
| کۆ | 156 | ٪100 | - |

1- پێکهاتەی بنەڕەتی بابەتە تەندروستیەکان:

یەکێکی دیکەیە لە بابەتەکانی دەستەکانی ناوەڕۆك،کە توێژەر لە ناوەڕۆك شیکاریەکەدا بەو ئەنجامە گەیشتووە،کە پێکهاتەی سەرەکی بابەتە سەرەکییەکان بریتین لە کەسایەتی،کە زۆرترین چەندبارەی هەبووە بەڕێژەی (٪57.05) دوابەدوای ئەوەش هەریەك لە یکهاتەی (بیرورا و لایەن ) بەپلەی دووەم و سێەم دێن،وەك خشتەی (5)دا ئەوە ڕووندەکاتەوە.

خشتەی (5): پێکهاتەی بنەڕەتی بابەتە تەندروستییەکان

| پێکهاتەی بابەت | چەندبارە | ڕێژە | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| کەسایەتی | 89 | ٪57.05 | 1 |
| بیرورا | 27 | ٪17.30 | 2 |
| لایەن | 26 | ٪16.66 | 3 |
| ڕووداو | 9 | ٪5.76 | 4 |
| دیکە | 5 | ٪3.20 | 5 |
| کۆ | 156 | ٪100 | - |

6-هۆکارە زەقکراوەکان (وسائل الابراز) :

یەکێکە لە بابەتەکانی دەستەکانی شێوە، توێژەر لە ناوەڕۆك شیکاریەکەدا بە و ئەنجامە گەیشت، کە ناونیشان یەکێکە لە هۆکارە دەرخەرەکانی، یاخود زەقەکانی دەرخستی بابەتەکە. بۆ ئەمەش زۆرینەی بابەتە تەندروستیەکان هەڵگری ناونیشانێکی سەرنجڕاکیشن ئەمەش وا دەکات بابەتەکە بە خێرایی بخوێنرێتەوە لەلایەن خوێنەرانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیەکەوە بەو بەڵگەییەی،کە زۆرترین چەندبارەی هەبوو بە ڕێژەی (٪48.07)دوای ئەویش وێنە وەك دووەم هۆکاری دەرخستنی بابەتە تەندروستییەکان دێتە بەرچاو،ڤیدیۆش بەرێژەیەك بوونی هەبووە ،بەڵام لە ئاستێکی پێویستدا نییە وەك خشتەی(6)دا ڕوونکراوەتەوە .

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)    PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7    Feb/2017

خشتەی (6)؛ هۆکارە دەرخەرەکان

| هۆکارە دەرخەرەکان | چەندبارە | رێژە | پلە بەندیی |
|---|---|---|---|
| ناونیشان | 75 | ٪48.07 | 1 |
| وێنە | 62 | ٪39.74 | 2 |
| ڤیدیۆ | 10 | ٪6.41 | 3 |
| هێڵکاری | 5 | ٪3.20 | 4 |
| خشتە | 4 | ٪2.56 | 5 |
| کۆ | 156 | ٪100 | - |

7-هاوسەنگی لە ڕوماڵکردن:

بەیەکێکی دیکە لەبابەتەکانی دەستەکانی شێوە ئەژمار دەکرێت،کەلەئەنجامی ناوەڕۆك شیکاریەکەدا توێژەر بەو ئەنجامە گەیشت،کە رۆژنامەکە لە  زۆرینەی بابەتە تەدروستیەکاندا دیدێکی دەرخستووە بە و بەڵگەییەی،کە زۆرترین چەندبارەی هەبووە بەڕێژەی (64.74٪)وە لەهەندێك لە بابەتەکانی دیکەشدا زیاتر لە دیدێکی دەرخستووە کەلەپلەی دووەمدایە وەك لە(خشتەی (7)دا دیارە.

خشتەی (7) : هاوسەنگی ڕوماڵکردن

| هاوسەنگی ڕوماڵکردن | چەندبارە | رێژە | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| دیدێك دەردەخات | 101 | ٪64.74 | 1 |
| زیاتر لە دیدێك دەردەخات | 55 | ٪35.25 | 2 |
| هیچ دیدێك دەرناخات | 0 | 0 | 4 |
| کۆ | 156 | ٪100 | - |

8-شێوازی خستنە ڕووی بابەتە تەندروستیەکان:

یەکێکی دیکەیە لە دەستەکانی شێوە، کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەو ئەنجامە گەیشتووە ، کە (پەیوەندیی هۆکار و دەرئەنجام) لە پلەی یەکەمدا دێت بە رێژەی (44.23٪) لەو شێوازانەی کە بابەتە تەندروستیەکانی پێخراوەتەڕوو، دوای ئەویش رۆژنامەی خەندان لە بابەتە تەندروستیەکانیدا بە ژمارەو ئامار پشتی بەستووە وەك لە خشتەی (8)دەردەکەوێت

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

خشتەی (8): شێوازی خستنە ڕووی بابەتە تەندروستییەکان

| شێوازی خستنە ڕوو | چەندبارە | ڕێژە | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| پەیوەندیی هۆکارو دەرئەنجام | 69 | %4423. | 1 |
| ژمارەو ئامار | 55 | %35.25 | 2 |
| بەڵگە | 27 | %17.30 | 3 |
| دیکە | 5 | %3.20 | 4 |
| کۆ | 156 | %100 | - |

9-ژانری ڕۆژنامەوانی بەکارهێنراو: یەکێکی دیکەیە لە دەستەکانی شێوەی بابەتە تەندروستیەکان،کە توێژەر لە ئەنجامدا بەوە گەیشت،کە زۆرینەی بابەتە تەندروستیەکانی ڕۆژنامەی خەندان لە ژانری هەواڵدا داڕێژراون،کە بەشێوەیەکی پوخت و چڕ زۆرترین زانیاریان تیدا دراوە بە وەرگرەکانیان، بەو بەڵگەیەی کە زۆرترین چەندبارەی هەبوو بە ڕێژەی (%64.10)لە پێشەوەی ژانرەکانی دیکەوەیە،دواتریش بەڕێژەی جودا گرنگی بە هەریەك لە ژانرەکانی (ڕاپۆرت،،چاوپێکەوتن،وتار،ریکلام،کۆمێنت ) دراوە، وەك لە خشتەی (9)دا دەردەکەوێت.

خشتەی(9): ژانری ڕۆژنامەوانی بەکارهێنراو

| ژانری ڕۆژنامەوانی | چەندبارە | ڕێژە | پلە بەندیی |
|---|---|---|---|
| هەواڵ | 100 | %64.10 | 1 |
| ڕاپۆرت | 15 | %9.61 | 2 |
| وتار | 13 | %8.33 | 3 |
| چاوپێکەوتن | 10 | %6.41 | 4 |
| ڕیکلام | 10 | %6.41 | 5 |
| کۆمێنت | 5 | %3.20 | 6 |
| دیکە | 3 | %1.92 | 7 |
| کۆ | 156 | %100 | - |

بەشی چوارەم : دەرئەنجام وپێشنیار و ڕاسپاردە

دەرئەنجام :

یەکەم :لەبارەی( دەستەکانی ناوەڕۆك )ەوە

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

1 - رۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان له پلەی یەکەمدا گرنگی بە بابەتی (تەندروستی گشتی)لە چاو بابەتە تەندروستیەکانی دیکەدا داوە.

2- سەرچاوەی بابەتە تەندروستیەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان برتین لە ڕاگەیاندنەکان لە پلەی یەکەمدا .

3- سەبارەت بەو ئەرکەی ،کەبابەتە تەندروستییەکان لە ڕۆژنامەی (ئەلیکترۆنی خەندان)دا بەرجەستەی دەکەن ،ئەرکی زانیاریی لە چاو ئەرکەکانی دیکەدا،بەپلەی یەکەم.

4- رۆژنامەی (ئەلکترۆنی خەندان ) لە پلەی یەکەمدا لەکاتی بلاّوکردنەوەی بابەتە تەندروستیەکانیدا ئاڕاستەی ( بێلایەن) ی گرتۆتە بەر .

5- پێکهاتەی بنەڕەتی بابەتە تەندروستییەکان لە رۆژنامەی (ئەلکترۆنی خەندان) لە پلەی یەکەمدا بریتیە لە پێکهاتەی کەسایەتی.

دووەم : لەبارەی ( دەستەکانی شێوە) ەوە

1-ناونیشان لە پلەی یەکەمی هۆکارە دەرخەرەکانی، یاخود زەقەکانی دەرخستی گرنگیی بابەتە تەندروستیەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندانە .

2- لە بارەی هاوسەنگیی لە ڕوماڵکردندا ،توێژەر بەو ئەنجامە گەیشت، کە ڕۆژنامەکە لە زۆرینەی بابەتە تەندروستیەکانیدا تەنها دیدێکی دەرخستووە .

3- لە شێوازی خستنە ڕووی بابەتە تەندروستیەکاندا توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتووە،کە ڕۆژنامەکە لەکاتی بلاّوکردنەوەی بابەتە تەندروستیەکانیدا لەپلەی یەکەمدا کار لەسەر شێوازی خستنە ڕووی (پەیوەندی هۆکار و دەرئەنجام) دەکات.

4- زۆرینەی بابەتە تەندروستیەکانی ڕۆژنامەی خەندان لە ژانری هەواڵدا داڕێژراون، کە بەشێوەیەکی پوخت و چڕ رۆرترین زانیاریان تیدا بە وەرگر دراوە.

پێشنیاز :

یەکەم // لە بارەی( دەستەکانی ناوەڕۆك)ەوە

1- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان لە بابەتە تەندروستیەکانیدا گرنگە کار لەسەرجەمی بوارە تەندروستیەکانی دیکە بکاتەوە وەك بوارەکانی ( گرنگیدان بە پێست و تەندروستی دەررونی، سوودەکانی خۆراك ،تەندروستی منداڵان......... هتد.
2- کارکردنی زیاتری ڕۆژنامەکە لەسەر سەرچاوە جۆراو جۆرەکانی بابەتە تەندروستیەکان .
3- هەوڵدانی زیاتر بۆ ئەوەی ئەو بابەتە تەندروستیانەی بلاّویان دەکەنەوە سەرجەم ئەرکەکان بەجێبگەیەنن وەك ئەرکەکانی ( زانیاری و هاندان و ئاڕاستەکردن ، ڕۆشنبیری تەندروستی ).
4- هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی سەرجەم پێکهاتە بنەڕەتیەکانی بابەتە تەندروستیەکان، وەك پێکهاتەکانی ( ڕووداو ،کەسایەتی ، لایەن ، بیروڕا ).

دووەم //لە بارەی (دەستەکانی شێوە)ەوە.

1-هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی سەرجەم هۆکارە دەرخەرەکانی بابەتە تەندروستیەکانی وەك ( ناونیشان، وێنە، ڤیدیۆ،هێڵکاری، خشتە ..........هتد).

2-لەهاوسەنگی ڕووماڵکردندا لەسەر هەموو لایەنە دیارەکانی هاوسەنگی ڕوماڵکردن کاربکرێت وەك (زیاتر لە دیدێك دەربخات ،دیدێك دەربخات) .

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print) PP:44-61
Doi: http://dx.doi.org/10.25098/1.1.7 Feb/2017

3- لە شێوازی خستنە ڕووی بابەتە تەنروستیەکاندا کار لەسەر سەرجەم لایەنەکانی بکات وەك (پەیوەندی هۆکارو دەرئەنجام،بەلگە ، ژمارە ،............هتد).

4- سەرجەم ژانرە ڕۆژنامەوانیەکان لەکاتی دارشتنی بابەتە تەندروستیەکاندا بەپێی گرنگی و جۆری بابەتە تەندروستیەکە وەك (هەواڵ ، وتار ، ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن ، ریکلام ، کۆمێنت، .........هتد). بەکاربهێنرێت.

سێیەم : ڕاسپاردە بۆ توێژەرانی تر :

1- کارکردنی توێژەرانی دیکە لەسەر بابەتەکانی دیکەی ناو رۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان.

2- توێژینەوە لەسەر جۆری ئەو ژانرە رۆژنامەوانیانە بکرێت، کە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان کاری لەسەر دەکات.

3- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر گرنگی و بایەخی وێنە و ڤیدیۆیی بەکارهێنراو لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر.

4- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاستی متمانەی وەرگران بە بابەتە تەندروستیەکان لە رۆژنامەی ئەلکترۆنی خەندان.

سەرچاوەکان :

أ -سەرچاوە کوردییەکان :

- عبدالخالق ابراهیم ، ئەرسەلان رەحمان ، کارامەییەکانی نووسین لە رۆژنامەی چاپکرا و ئەلکترۆنیدا ، چاپی یەکەم ،2010،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

ب- سەرچاوەی عەرەبییەکان : -

1-رضا عبدالواحد أمين ،الصحافة الالكترونية ،القاهرة،دار الفجر للنشر والتوزيع ،2007.
2- سمير محمود، العلام العلمي ،دار الفجر للنشر والتوزيع،الطبعة الاولي،بيروت،2011.
3- صلاح محمود ذياب،ادارة خدمات الرعاية الصحية،دار الفكر ناشرون و موزعون، عمان ،2010.
4- نصرالدين العياضي،وسائل الاعلام والمجتمع –ضلال وأضواء،دار الكتاب الجامعي،العين-المارات العربية المتحيدة،2004.
5-سامي محسن ختاتنة و احمد عبداللطيف أبو سعد،علم النفس الاعلامي،دار المسيرةللنشر والتوزيع والطباعة،عمان 2010.
6- عبدالرزاق علي الهيتي،الصحافة المتخصيصة،دار أسامة للنشر والتوزيع،عمان،2011.
7- حسن عماد مكاوي، د.ليلى حسين السيد، الإتصال و نظرياته المعاصرة ، دار المصرية اللبنانية،1998.

8- اسماعيل ابراهيم:الصحفي المتخصص ،ط2،دار الفجر للنشر والتوزيع ،قاهرة،2006،ص 13.
9- عبدالامير الفيصل،الصحافة الالكترونية في الوطن العربي،عمان،دار الشروق2006.
1ازيد منير سليمان ،لصحافة الالكترونية ، دار أسامة للنشر والتوزيع،الطبعة الاولى ،2009، ،عمان-الاردن
10 - فيصل أبو ريشة ،الاعلام الالكتروني ،دار أسامة للنشر والتوزيع ،الاردن،الطبعة الاولى،2010.
11- حسنى نصر وسناء عبدالرحمان،التحرير الصحفي في عصر المعلومات الخبر الصحفي،دولة الامارات العربية المتحدة ،دار الكتاب الجامعي،الطبعة الثانية،2009.
-12 محمد جاسم فلحي، النشر الاكترونى الطباعة والصحافة الالكترونية والوسائط المتعددة،، الطبعة الاولى ،دار المناهج ،عمان –الاردن ،2005.
13- محمد منير حجاب ،مدخل الى الصحافة،القاهرة ،دار الفجر للنشر والتوزيع،2010

پ- نامەی ماستەر

1- احمد ريان باريان،دور وسائل الاعلام في التثقيف الصيحي للمرأة السعودية بمدينة الرياض ،دراسة الميدانية قدمت هذة الرسالة استكما لالمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في قسم الاعلام بكلية الاداب –جامعة الملك السعود ،اشراف د.سليمان الشمرى،2004.
2- محمد الزكرى، جهود الصحافة في نشر المعريفة الصحية : دراسة تحليلية على الصفحات القتصادية رسالة ماجستير غير المنشورة كلية الدعوة والاعلام، قسم الاعلام ،جامعة المام محمد بن سعود الاسلامية ،2